جەمیل حەمداوی

# ڕۆمانی فانتازیی عەرەبی

و: جومعە جەباری

**گوتارەکانی ڕۆمانی سەیروسەمەرە دەقی خەیاڵاوین لە نێوان سەیر و نامۆدا، یان لە نێوان لۆژیک و ناڕاستدایە**



ئەگەر ڕۆمانی ریالیزمی و سروشتی باسی واقیع بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی شێوازی هونەرییەوە یا لە ڕێگەی بە هێزی ماناوە بکەن، ئەوا ڕۆمانی فانتازیی "سەرسوڕهێنەر- سەیروسەمەرە" لە واقیع تێپەڕ دەکات بەرەو ناواقیعی و ناعەقڵانی، لە ڕێگەی هەردوو ڕەوشی سەرسوڕمان و نامۆبوونەوە. ئەم دوو ڕەوشەش ئێستا بوونەتە ئامرازە دیارەکانی نوێگەری لە ڕۆمانی

ڕۆژئاوایی و عـــەرەبیــدا و، لـە دیاردەکــانی فلیــڤــانێــتــیی هونـەری و ڕۆمــاننووسی و چیرۆکنووسینە.

دوای ئەوەی جـیـهـان بە کۆمـەڵێک فەلسـەفـەوە لە عـەقـڵانیـیـەوە خـۆی گـواسـتـەوە بۆ ناعەقڵانییەت، کە شکیان خستە سـەر لۆغۆسی یۆنانی و لۆجیکی ڕۆژئاوایی، قـەرەبووی ئەوە بە دەرهاوێشتـەکانی ناخی و روحی و سۆفییەت و ڕۆشنایی ئاینی و رزگاربوون لە کۆیلایەتی بۆ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و تەکنۆلۆجیا و سـەرمایەداری و سۆسـیالیستی دەکاتەوە.

کەواتە، ڕۆمانی فانتازی لە رووی زمان و دەستەواژەوە چییە؟ ئەی بۆچوونە مێژوویی و تیۆرییـەکانی چین؟ ئایا بنەماکانی گوزارشتی هونـەری و پیشـەییـەکانی چین؟ ئەی چۆن دەقی ڕۆمانە سەرسوڕهێنەرەکان بەراورد دەکرێن و دەوەزرێندرێن؟ گرینگترین نموونەکانی ڕۆمانی فەنتاستیکی ڕۆژئاوایی و جیهانی عەرەبی کامانـەن؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە لەم توێژینەوەیەدا وەڵامیان بۆ دەهێنینەوە:

### ١ – دەلالـەتی زمانەوانی و دەسـتـەواژەیی

لە فـەرهـەنگەکانی عـەرەبیدا هیـچـمان نەدۆزییـەوە بەراوردی دەسـتـەواژەی"fantastique ـ fantastic"ی ئینگلیزی بێت، کـە لە رەخنەی ڕۆژئاواییـدا ناسـراوە، بۆیە دەسـتـەواژەی "«عـجائبی»، «سـەرسـوڕهێنەر– وەرگێڕ»" مـان بۆی دانا، چونکە لە رووی مـاناکانییـەوە لێی نزیکە، وەک: مـیـهـرەبانی، سـەرسـوڕمـان، سـەیرهـاتن، خـەیاڵی وەهمی و لە رادەبەدەر و ناڕاستەقینەیی. ئێمەش جیاوازی دەکەین لە نێوانی و لە نێوان ئەو دوو دەستەواژە نزیکەی لێیەوە، ئەوانیش: چیرۆکی لە رادەبەدەرەکان، چیرۆکی سەیر. ئەویش بەهۆی تایبەتمەندییە دەلالی و بنەمــایی و دەســتــاودەســتــیــیــەکــەی. ئـەمــە و ئەدەبی فــەنـتــازی پشت بە تێکهەڵکێشکردنی راستی و خـەیاڵ دەبەستێت و، هـۆکارەکان تێپەڕ دەکات و، شێواوی و گـۆڕاو و تێکچـوونەکـان بەکـار دەهێنێت، لەگـەڵ گـەمــەی بینراو و نـەبینراو، بـێ ئەوەی گـیرخـواردنی خـوێنەر لە یاد بکەین لە نێـوان دوو جیـهـانی دژیەک: جیـهـانی راسـتـییـە هەسـتـپێکراوەکە و جیـهانی شـێوەکردن و وەهـم و خـەیاڵکردن. ئەم گیرۆدەبوونە وەرگر دەخـاتە نێـوان دووبـاری چاوەڕوانکراوی لۆجـیکی و سـەیرهاتنی ناسـروشـتی لە ئاست رووداوێکی لە رادەبـەدەر، کـە ناکـەوێتـە ژێر عــورف و عـادەتی عـەقڵ و ســروشت و یاساکانیانەوە.

لەم روانگەیەشەوە، ئەدەبی فانتازیی سەرسورهێنەر دەکرێتە دوو چرکەی خەیاڵ کراوەوە:

أ- سەرسوڕمانبوون "بارێکی ئەرێنی":

ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کاتێک لە ئاست رووداوێکدا دەبین، کاریگەرییەکی ئەرێنی لە دەروونی وەرگردا بەجێ بهێڵێت. چونکە سەرسوڕهێنەرەکە باشە و هەستی سەیرهاتن و سەرسوڕمان دەبزوێنێ، بە هۆی جوانییەکەی و دەرچوونی لە ئاسایی، کە هەست نابزوێنێ، وەک گۆڕانی پاڵەوانەکە بۆ کەسایەتی سۆپرمان بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلێک لە کەوتنە خوارەوەی بۆ ناو رووبارەکە رزگار بکات.

ب- نامۆ "بارێکی نەرێنی":

ئەم بارە لەو کاتەدا روو دەدات، کە بەرامبەر رووداوێک بین کاریگەرییەکی ئەرێنی لە دەروونی وەرگردا بەجێ بهێڵێت. وەک: گۆڕانی کەسایەتیی توندڕەوەکە بۆ شەیتانێکی دڕندە، یان مەیموونێکی شێواو. بۆیە، پێمان باش بوو دەستەواژەی "عجائیبی" بەکاربهێنین وەک وەرگێڕانێک بۆ دەستەواژەی "فانتازیا"ی رۆژئاوایی، سەرەڕای کەموکوڕی دەستەواژە عەرەبییەکە لە ئاست رۆژئاواییەکە، چونکە وشەی "عەجیب" تا رادەیەک جیاوازیی لەگەڵ وشەی نامۆدا هەیە، "عەجائیبی" ئەوەیە، بارێکی دوودڵییە خوێنەر بەرامبەر بە رووداو و کردارەکان هەستی پێ دەکات، کاتێکیش دەگاتە بڕیارەکەی و دەگاتە رێگەچارە، کە دەبینێت کارەکە لە وەهمی هەستەوەرەکان یان ئەنجامی خەیاڵ تێ ناپەڕێت و یاساکانی جیهان نەگۆڕاوە، ئەوکاتە دەچێتە ناو مەودای نامۆییەوە، کە هەردەم دەستەمۆی لێکدانەوەی عەقڵی و لۆجیکییە(١).

١- نزیکبوونەوە و وێناکردنە تیۆرییەکان سەبارەت بە ئەفراندنی فانتازی:

دەکرێت قسە لەسەر چەندین نیزیککردنەوەکان و شێوەکردنە تیۆرییەکانی لەمەڕ ئەفراندندا بکرێت. دەکرێت ئەو نزیککردنەوانەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیار بکرێن:

أ- نزیککردنەوە مێژووییەکان، وەک ئەنتۆلۆجیا گەورەکانی تایبەت بە فانتازیا.

ب- نزیککردنەوەی دەلالەتی یان بابەتی، کە بایەخ بە دەستنیشانکردنی شێوە لە دوای یەک هاتووەکان دەدات.

ت- نزیککردنەوەی بنیاتی کە تەنیا باس لە شێوەی داڕشتنی ئەدەبی سەیروسەمەرە دەکات و، هەوڵی بەدیارخستنی بنیاتی هەیکەلییەکەی دەدات(٢).

پ- نزیككردنەوەی سایكۆلۆجی، هەوڵ دەدات نامۆیی ئەدەبی سەیروسەمەرە تێ بگات و لێكی بداتەوە.

ج- نزیككردنەوەی سیمیۆتیقی(٣)، كە لەسەر فۆرمی ناوەڕۆكەكەی دروست دەبێت و لە ڕێی هەردوو بنیاتی: شێوە رووكەشەكەی و، شێوە قووڵەكەی. بۆ گەڕان بەدوای دەلالاتی چیرۆكەكە، بەهۆی هەڵوەشانەوەی لۆجیكیی یاریی جودا و دژەیەك. لەبەرئەوە، لە رەخنەی ئەنگلۆساكسۆنیدا، سەیروسەمەرە مەودایەكی مێژوویی و ئەنترۆبۆلۆجی وەردەگرێت و، دەخرێتە نێو قاوغی كولتووری ئەفسانەكان و فۆلكلۆر بۆ هەموو كولتوورەكان. تێیدا چاو دەخرێتە سەر شتە نەگۆڕو گۆڕاوەكان لەسەر ئاستی خەیاڵكردنێكی گەردوونی. لەم بارەشەوە (ج. دۆران " G ـ Durant" كە لە كتێبەكەیدا «بنیاتەكانی خەیاڵی ئەنترۆپۆلۆجی» سەلماندی، كە واتای مەجازی لە واتای راستەقینە لە پێشترە و، چالاكی مرۆڤایەتی فلیڤانی تێرە بە سەیروسەمەرە و خوازراو، كە بەبێ ئەوانە ناكرێت ببێتە چالاكییەكی فلیڤانی. لەم بارەیەوە بۆچوونی لێتوێژەكان جۆراوجۆر بوو دەربارەی فانتازیا، یان خەیاڵی سەیروسەمەرە، بۆ نموونە "روجی كایوا" پێیوایە، سەیروسەمەرە خەیاڵێكی ناسروشتییە بۆ شتە سروشتی و باوەكان. لە كتێبەكەی «لە چەقی سەیروسەمەرەدا» كایوا دەڵێت: " سەیروسەمەرە هەمووی بریتییە لە دابڕانێك یا درزێك لە سیستەمە باوەڕپێكراوەكە و، چوونە ژوورەوەیەكە لە قبوولنەكراوێكەوە بۆ ناوجەرگەی كاری رۆژانەی نەگۆڕاو"(٤). هەرچی "ئیریڤ بیرسییریشە IREVE BERSIERE" لە كتێبەكەیدا "گێڕانەوەكانی سەیروسەمەرە: شیعرییەتی وەهم" دەڵێت: «لەبەر ئەوەی

**ئەدەبی فەنتازی پشت بە تێكهەڵكێشكردنی راستی و خەیاڵ دەبەستێت**

**دەقەكانی كافكا، بەبۆچوونی لێكۆڵەرەوەكان جیاوازە لەگەڵ فانتازیا**

**شێوەخوازە رووسییەكان پێش تۆدۆرۆف كەوتن لە لێكۆڵینەوەی سەیروسەمەرەی لە رادەبەدەر**

فانتازیا جۆرێکی عەقڵی نییە، سەیروسەمەرە جووت فۆرمە و لە پەرچەکردارەوە دروست دەبێت، بەڵام تایبەتمەندییەکی گێڕانەوەشە»[٥]. هەروەها "لویس فاکس VAX" لە "هونەر و ئەدەبی سەیروسەمەرە"دا دەڵێت: "چیرۆکی سەیر و سەمەرە حەز دەکات مرۆڤی وەکو ئێمە پێشکێشمان بکات، لەو جیهانەی ئێمەشدا بژین، بەڵام لە ناکاوێکدا دەخرێنە چوارچێوەیەکی داخراوی تێنەگەیەنراوەوە"[٦] "تزتیڤان تۆدۆرۆف "Todorov دەربارەی سەیروسەمەرە دەڵێت:" لەسەر بنەمای دوودڵی خوێنەر دەوەستێت، خوێنەرێک لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکەدا لە ئاست رووداوێکی نامۆدا یەک دەگرێت "[٧]. لەم پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەدەبی سەیروسەمەرە بنەمای سەرەکیی هەیە، لەوانەش:

أ- دوودڵی و شک و مەراق، لەسەر ئاستی کارلێک و قبووڵکردن و کاردانەوە.

ب- ململانێ لە نێوان یاسا سرووشتییەکاندا "فاکت، عەقڵ، لۆجیک، باو،..." و، ناسرووشتییەکان: "خەیاڵ، وەهم، نالۆجیک، نامۆ، سەیروسەمەرە،...".

ت – بوونی رووداوێکی لە رادەبەدەر، سەیر و نامۆیی دەورووژێنێت.

پ – جودابوونەوە لە جیهانی شتە دانراوەکان و داوونەریتەکان و یاسا سروشتییەکان و عەقڵی و لۆجیکی.

تزتیڤان تۆدۆرۆف لە کتێبەکەیدا "دەروازەیەک بۆ ئەدەبی سەیروسەمەرە" کە لە ساڵی ١٩٧٠ چاپ کراوە، تێیدا هەوڵی داوە ئەدەبی سەیروسەمەرە بخوێنێتەوە لە روانگەیەکی بابەتی و بنیاتییەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەدەبێکی لە رادەبەدەرە و لە رووی فۆرم و دەلالەتەوە نامۆیی دەورووژێنێت لە رێی دوودڵیی خوێنەر لە ئاست کەشوهەوای چیرۆکە سەیرەکەدا.

لەو ئەنجامانەی تۆدۆرۆف پێی گەیشت ئەوەبوو:

ئەدەبی فانتازیا لە دوو سەدە زیاتر نەژیا، لە سەدەی بیستەمدا کشایەوە و بوارەکەی بۆ ئەدەبێکی نوێ و جیاواز چۆڵ کرد، کە جیاوازی لە نێوان لۆجیک و نالۆجیکدا ناکات و پابەندیش نابێت بە جووت میتافیزیکی، کە وەکو فانتازیا دێتە بەرچاومان، وەک: دەقەکانی کافکا، بەبۆچوونی لێکۆلەرەوەکان جیاوازە لەگەڵ فانتازیا و هەمان کاریگەریی لە دەروونی خوێنەردا جێ ناهیڵێت «هەستکردن بە دوودڵی، بەگوێرەی پۆلێنکردنی دەقەکە و جێشوێنی لە ناو سەیروسەمەرەکە، یان نامۆکەدا ...». ئەو دەقانەی وەک دەقەکانی کافکا، رێڕەوەکەیان

گۆڕی و فانتازیا بوو به بنەما، نەک هەڵاوێردن، کە جاران پێی ناسرابوو[٨]. هەوڵەکانی تۆدۆرۆفیش دوای ئەوەی کارێکی خەیاڵاوی بێ سەروبەر بوو ، وەک بە ناسنامەکردنێکی بنیاتگەری لێ هات بۆ ئەدەبی سەیروسەمەرە، ئەمەش بە پشتبەستن بە پرۆسە بنیاتگەرییە جەختکارەکە لەسەر بنیات و دەلالە و فەرمان، یان سێ دیاردەکانی پەخشانی ئەدەبی: زمانی، پێکهاتەیی و، دەلالی یان بابەتی. "بەم شێوەیە هەوڵەکانی تۆدۆرۆف گەیشتە ئەنجامی ئەوەی بەرهەمێکی زۆر لە بواری لێکدانەوەی گشتییەوە دەرچێت بۆ ئاستی چارەسەرکردنێکی ورد، بە هیوای ئەوەی بە شێوەیەکی زانستییانە، دیاریکراو و دەستەواژەکانی تۆکمە بکرێت، لە راستیدا ناکرێت بگوترێت، چەند دەقێکی فانتازی لە کۆنەوە لە هەموو ئەدەبەکاندا دۆزراونەتەوە، چونکە ئەوەی دەچێتە ژێر باری سەیر و نامۆ و لە رادەبەدەرەوە، جیاوازە لەگەڵ ئەو دەقانەی لە سەدەی هەژدەهەمەوە بەدیارکەوتن، لەسەر دەستی نووسەرانێک رەگەزەکانی ئەم جۆرە گێڕانەوانە بەکار دەهێنن بۆ گوزارشت لە روانگەیەکی جیاوازەوە، وەرچەرخانێک لە پێوەندییەکانی لەگەڵ سروشت و سەرووی سروشتەوە پێشکێش دەکات، لەگەڵ کەسایەتی شاراوە و خەڵکانی دیکەدا، لەگەڵ راست و ناڕاستدا، ئەم جۆرە وەرچەرخانە لە ئاستی توێژەکانی کۆمەڵگەدا، هەنجەت دەداتە وەرچەرخان لە خەیاڵکراوێکی "بێ سەروبەر" بۆ جنسێکی خەیاڵکراو، تێگەیشتن و زمانێکی پێگەیشتوو و جۆرەها گوزارشتی روونکەرەوە و بوار فراوانکەری ئەدەبی پشتی دەگرێت"[٩].

شێوەخوازە رووسییەکان پێش تۆدۆرۆف کەوتن لە لێکۆڵینەوەی سەیروسەمەرەی لە رادەبەدەر، بەتایبەتی "فلادیمێر پروپ" لە کتێبەکەیدا "چیرۆکە رووسییە سەیرەکان"[١٠] و "کلۆد لیڤی شتراوس" لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر «بنیاتی فۆرم: چەند بیرۆکەیەک لەسەر کارەکانی فلادیمێر پروپ» بەگوێرەی ئەوەی کە ئەو داهێنەری رەوتی بنیاتگەریی فەرەنسییە لە بواری ئەدەب و ئەنترۆبۆلۆجیا، هەروەها "لۆڤ کرافت" داهێنەری ئەدەبی سەیروسەمەرە لە کولتووری ئەنگلۆساکسۆنیدا لەتەک "پینزۆلت"دا.

چەندین لێکۆڵینەوەی تریش هەن باسی خەیاڵکردنی سەیروسەمەرە دەکەن، چ لە ئەدەبی ئینگلیزی یا لە ئەدەبی فەرەنسی، وەک: لێکۆڵینەوەکەی "سکاربۆ رووژ" «لە سەرووی سروشتەوە لە خەیاڵکردنی ئینگلیزیی هاوچەرخدا»، لێکۆڵینەوەکەی "شنایدەر" ، "ئەدەبی سەیروسەمەرە لە فەرەنسادا".

## ٢- بنەماکانی ئەدەبی فانتازی و ئەدگارەکانی:

گوتاری فانتازی جەخت لەسەر بەکارهێنانی وشە و رستەیەک دەکات واتای گۆڕان و بەدشێوان بدات، لە رووی جوانیدا یان ناشرینیدا و بەکارهێنانی ئەدگارەکانی سەیر و نامۆیی بە لێدوان و ئاماژەکاری. ئەم گوتارەش داوە جوانەکانی خۆی بەدەوری ئەو بەدشێواندنە، خەیاڵە لە رادەبەدەر و لۆجیک و سروشتییەدا دەچنێت. ئەم ئەدەبەش وشەکانی جارێک لە فەرهەنگی سەیر و جارێکی تریش لە فەرهەنگی نامۆ وەردەگرێت. ئەمە بێجگە لە دوورکەوتنەوەی لە فەرهەنگی سروشتی و ماڵی و کارو پیشەی رۆژانە. پشت بەزمانێک دەبەستێت دوور لە واقیع و نزیک لە خەیاڵ، بۆ نووسینەوەی حکایەتێکی لەرزۆک لە نێوان جیهانی راستی و خوازراودا، عەقڵ و لۆجیک لە ئاستیدا سەرسام دەبێت. ئەم ئەدگارەیە کە وا دەکات ئەدەبی سەیروسەمەرە جودابێت لە هەموو جۆرە ئەدەبەکانی تر و بەگوێرەی تۆدۆرۆف دەکەوێتە ناوەڕاست دوو جۆری ئەدەبی ترەوە ئەوانیش نامۆ و سەیرە. ئەگەر واتای یەکەم پێوەست بە رابردوو بێت، ئەوا دووهەمیان پێوەستە بە داهاتوو. "تۆدۆرۆف دەڵێت: "«سەیر» بە دیاردەیەکی نادیار دەکات، هێشتا نەبینراوە، واتا بە داهاتوویەک دەکات، بەهەمان شێوەش لە بارەی "نامۆ" وە،کە دەگەڕێتەوە بۆ بارێک لەسەر رووداوی زانراو لێکنادرێتەوە. هەرچی سەیروسەمەرەشە، ئەو دوودڵییەی دروستی دەکات، تەنیا لە کاتی ئێستادا دەکرێت"(١١) ئەگەر سەیروسەمەرە لەسەرتاپای رۆمانەکەدا بەدیار کەوت، پێی دەگوترێت رۆمانێکی سەیروسەمەرە، چونکە سەیرهاتن ئەدگارێکی زاڵە بەسەر پەخشاندا لە رووی فۆرم و دەلالە و فەرمانەوە، یان لە بەشێکی رۆمانەکەدا بەدیار دەکەوێت لەسەر شێوەی سیما و شێواز، تا دەگاتە ئەو بەها زاڵەی بەسەر دەقە رۆمانە فلیڤانییەکەوە. ئا لێرەدا دەکەوینە بەرامبەر قسەکردن لەسەر دەقە کۆپییەکان، لە رێی بانگهێشتکردنی وێنەی سەیروسەمەرەکان، بۆ دەوڵەمەندکردنی دەق و تژیکردنی لە رووی دەلالییەوە، بۆیە، "سەیروسەمەرە" "بەگوێرەی چەمکی دیکەوە دیاری دەکرێت، وەک: فاکت، خەیاڵکراو، وەهم. ئەویش تەنیا ئەو رازەیە یان ئەو شتە نامۆ نادیارەیە کە دێتە ناو ژیانی راستییەوە و شک و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ دەخاتە دەروونی وەرگرەوە"(١٢).

ئەمەش خشتەیەکە دژەکان لە نێوان ئەفراندنی فاکتی و ئەفراندنی سەیروسەمەرە دیاری دەکات:

خەسڵەتەکانی ئەفراندنی ڕۆمان

- سەیروسەمەرە
- واقیعی
- خەیاڵ
- وەهم و کاری لە رادەبەدەر
- یاسای لە سەرووی سروشتەوە
- خەیاڵکردن
- لەگێنکراو
- شک و دوودڵی
- زەمەنێکی بەرزەفڕ
- کردەوەی سەیر و نامۆ
- نەبینراو
- وێناکردن ـ گریمانکردن
- واقیع
- فاکت
- یاساکانی سروشت
- ریالیزم
- راهاتن
- زەمەنێکی ریالیزمی دیاریکراو
- بینراو
- عەقڵ ـ سۆنگە

گوتارەکانی ڕۆمانی سەیروسەمەرە دەقی خەیاڵاوین لە نێوان سەیرو نامۆدا، یان لە نێوان لۆژیک و ناڕاستـدایە، یانیش لە نێوان گونجان و ناگونجاندایە. پشت بە رووداوی نامۆ و زۆر جوان دەبەستێت، کە ئەو دڵەڕاوکێیە دروست دەکات کە تووشی کەسایەتی سەرەکی دەبێت "لە چیرۆک یا ڕۆماندا" یان هەر کەسایەتییەکی دیکەی. هاوکات ئەو خوێنەرەش دەگرێتەوە، کە دەستەوەستان لە نێوان نامۆیی و سەیریی رووداوەکاندا

دەوەستێت و هەوڵ دەدات لێکدانەوەیەکی سروشتی یا ناسروشتی بۆ بدۆزێتەوە، ئەو لێکدانەوەیەشە دیاردەی سەیرییەکەی ناهێڵێت و دەقەکە لە فانتازیا دەردەکات.(١٣) بەم شێوەیە سەرنج دەدەین لە دەقە سەیروسەمەرەکاندا، ئەوەی هەست بە سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ دەکات زۆرجار پاڵەوانەکە خۆیەتی، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک دەقی تر باسی ئەوە دەکەن کە دڵەڕاوکێ تووشی کەسایەتی تریش دەبێت(١٤) لەوانەشە کەسایەتییە سەرەکییەکە لە ناو ئەم دەقانەدا دوو دەور بگێڕێت: دەبێتە پاڵەوانی رۆمانەکە و چیرۆکخوانەکەی لە هەمان کاتدا.(١٥) گوزارشتیش لە سەیروسەمەرە دەکرێت بەچەند ئامرازێکی هونەری و ئیستاتیکی وەک: لە یەکچوونی رووداو، دژە رووداو، نوکتەبازی، دەستینشانکردن، شێواندن، وێناکردنی کاریکاتێری، بوون بە دێو، گۆڕان بۆ مرۆڤێکی دی و تەعەداکردن و کوشتن. واتا دیاردەی فانتازیا لە دەوری دوو دیاردەی سەرەکی دەسووڕێتەوە ئەویش گۆڕان و بەدگۆڕانە(١٦). لەم ئامرازانەوە دەردەکەوێت، کە گرینگترین میکانیزم گوتاری سەیروسەمەرە پشتی پێ ببەستێت: گاڵتەجاڕی، یان لاساییکردنەوەی گاڵتەجاڕییە، بۆیە ناتوانرێت سەیروسەمەرە لە رووی هونەری و ئایدیۆلۆجیاوە لە هونەری گاڵتەجاڕی جیاکرێتەوە، چونکە دەلالەت لەو جیابوونەوەیە دەکات کە پاڵەوانەکە هەستی پێ دەکات لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی تەنگژەکانی واقیعدا، بۆیە هیچ چارێکی دیکەی بەدەستەوە نامێنێت تەنیا بەرەنگاربوونەوەی نەبێت بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی، کە لەم بارەدا دەبێتە چەکێک پاڵەوانەکە لە دژی توندوتیژی جیهان و نامۆییەکانی بەهێز دەکات، بە واتایەکی دیکە شێوازێکە بۆ سەرکەوتن بەسەر واقیعی ئەزموونەکە و قورتاربوون لێی.(١٧)

کاتێک هەردوو هونەرەکە تێکەڵاو دەبن: ئەدەبی نامۆیی و ئەدەبی گاڵتەجاڕی، دەبێت ئەم تێکەڵاوبوونە بەشێوازێکی هونەری بێت، بۆ خزمەتی ناوەڕۆکی دەقەکە و پێدانی رەوشێکی واقیعی، ئەمەش لەگەڵ فانتازیاکە و دایەلۆگی ناوەوەی یەکدەگرێتەوە بۆ رەخنەگرتن لە واقیع و دروستکردنی جیهانێکی هونەری لە هاوشانی، توخمی جیاجیا بەشداری لەو دروستبوونەی دەکات: گێڕانەوە ــ باسکردن و کەسایەتییەکان و رووداو و کەشی شوێنێتی و کاتی، بەڵام لە زۆربەی بارەکاندا خاڵی نابێت لە توخمێکی خۆیەتی دەبێتە رەنگدانەوەی ناخی تاکی فلیڤان و هەندێک ئەدگارە خودییەکانی."(١٨) گوتاری سەیروسەمەرە پشت بە بەدەقبوون دەبەستێت، وەک گوتارێکی گوێزانەوەی هەستی یان ناهەستی، لەوانەشە بە رووداو و تێکەڵکردنی بە رەگەزی جیاواز بەهێزتربێت. ئامانجیش لە بەکارهێنانی

بەدەقبوونی بەدگۆڕاوی، بۆ خوێندنەوەی واقیع و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی و لێکدانەوەی و رووتاندنەوەی بەشێوازێکی تێکهەڵکێشکردن لەسەر کارلێکی وەرگرتن و ئاخاوتن. هەروەها چەند بابەتێکی هونەری و هزری باس دەکات، هەندێکیان لایەنی نەرێنی تێدایە، وەک لێکدانی چەمکی توخمی ئەدەبی، بەڵام بەشداربوونی لە دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئەدەب گەورەتر و قوولترە[١٩]. هەروەها هەندێک جار گوتاری سەیروسەمەرە دەیەوێت ناشرینی و دوورخستنەوە بخاتەوە، کاتێک کەسایەتییەکە دەگۆڕێت بۆ مەیموون یان شەیتان یان ڕێوییەکی فێڵباز یانیش مارێکی ترسناک،... هەندێک جاریش نیازی بەخشینی جوانی و خۆشەویستییە، کاتێک کەسایەتییە ئێسکسووکەکە دەگۆڕێت بۆ ئاسک یان سەیوانە خەیاڵاوییەکە دەبێتە سەیوانێکی ڕاستەقینە بۆ ڕزگارکردنی پاڵەوانە بەندکراوەکە لە تاوەری قەڵاکەدا وەک چۆن لە ڕۆمانی "جامبازەکانی سەراب" ی بنسالم حەمیش. لێرەدا دەبێت باسی هەندێک توخم بکەین کاتێک باسی بنەمای گۆڕانی سەیروسەمەرە دەکەین، وەک بگۆڕ و گۆڕاو بۆی و کردارەکانی گۆڕین و وێنە بەلاغییەکانی و هەنگاوەکانی گۆڕان و فەرمانەکانی. دیاردەی گۆڕینیش بوونەوەری ئاسایی دەگۆڕێت یان دەبێت بە بوونەوەرێکی شێواوی لە سروشت بەدەر و ئاژەڵی یان جنۆکە یان شتێکی نەناسراو، یان بەپێچەوانەی ئەمانە. لەوانەیە بوونەوەرەکانی سەیروسەمەرە بگۆڕێن بۆ بوونەوەری مرۆڤ و واقیعی، ئەمەش مێشکی خوێنەر تێکدەدات و شک و دڵەڕاوکێ و دوودڵی دەخاتە دڵییەوە. بۆ نموونە لە دەقە سەیروسەمەرەکاندا، بەگوێرەی تۆدۆرۆڤ "پیاو دەگۆڕێت بۆ مەیموون، مەیموونیش بۆ پیاو، جنۆکەش هەرلە سەرەتاوە دەگۆڕێت بۆ پیرەمێرد. کەچی لە کاتی گرتەی شەڕەکاندا گۆڕانەکان بەدوای یەکدا دێن، جنۆکە دەبێتە شێر و شازادەکەش بە شمشێر دەیکات بە دوو لەتەوە، ئینجا سەری شێرەکە دەبێت بە دووپشکێکی گەورە. شازادەکەش دەبێت بە مارێکی گەورە و لەگەڵ دووپشکەکە دەبێت بە شەڕیان، دووپشکەکە گۆڕانەکەی دادی نادات لە ئەنجامدا خۆی دەکات بە بازێک و دەفڕێت، کەچی مارەکە خۆی دەکات بە بازێکی گەورەتر و بەدوای دەکەوێت"[٢٠].

بە ڕای ئێمە، هەندێک توانا و گۆڕانی سەیروسەمەرە هەیە، یا دەکرێت، یان لەگینە، یانیش وەرگیراوە لە چیرۆک و ڕۆمان و هونەرە فلیڤانییە جوانەکانی تر لە ڕێی ئامادەکردنی ئەم پێکهاتانەی خوارەوە:

لەگینەکان: ١- جن ٢- مرۆڤ ٣-ئاژەڵ ٤- شتەکان. ئەم پێکهاتانە تێکەڵی یەکدی دەکرێن بۆ دەرهێنانی کۆمەڵێک گۆڕانی لەگین:

جۆری گۆڕانەکان

١- مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ جنۆکە ـ نموونە: گۆڕانی ئافرەت بۆ جنۆکە

٢- مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ ئاژەڵ ـ نموونە:گۆڕانی مرۆڤ بۆ مەیموونێکی شێواو

٣- مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ داروبەرد ـ نموونە: گۆڕانی مرۆڤ بۆ بەردێک یا تاشەبەردێک.

٤- مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ مرۆڤی دیکە ـ نموونە: گۆڕانی پاڵەوانەکە بۆ سۆپرمان.

٥- جنۆکە دەگۆڕێت بۆ مرۆڤ ـ نموونە: گۆڕانی جنۆکەیەکە بۆ پیرەمێرد.

تێبینی دەکرێت گۆڕان لە کردار وابەستەی گۆڕانە لە کردەوە یان بوونەوەری سەرووی سروشتییەوە، وەک: جنۆکە و شازادەی سیحرباز و تواناکانیان، هەریەکەیان توانای گۆڕینی خۆی و گۆڕانی کەسانی دیکەی هەیە، دەتوانێت بفرێت یان بوونەوەرەکان و شتەکان بۆ ئاسمان هەڵبدات،.. هتد، ئێمە لێرەدا "بە گوێرەی تۆدۆرۆف" لە بەردەم یەکێک لە راستییەکانی ئەدەبی سەیروسەمەرەکانین: بوونەوەری بەهێزتر لە مرۆڤ و لە سەرووی سرووشتەوەن. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ئەم خاڵە بەس نییە، بەڵکو دەبێت پرسیاری دەلالەتەکەشی بکرێت. ئاساییە بگوترێت: ئەم بوونەوەرانە بە هێز هێما بۆ خەونێک دەبەن. بەلام هێشتا زیاتر لەوەش هەیە،"[٢١] گۆڕانەکە وتەکانی بابەت و کەش و هۆ و زەمان دەپێکێت، بۆ بە دیهێنانی گەمەی خەون و واقیع و روح و مادە. هەروەها گۆڕانەکە لەسەر شێواندنی کارەکتەرەکان و بوونەوەرەکان و تێکدانی کردارەکانیان دروست دەبێت، بۆ هێنانەکایەوەی جیهانێکی مۆتەکەیی لە چیمەنتۆی نامۆیی و لمی سەیرهاتن و کەشی خەلافاوی و تەمومژی ترس و وێنە تۆقێنەرەکان و گرتە خەیاڵ نەکردووەکان دروست دەبێت"[٢٢]. هەروەها لە مەرجەکانی فانتازیا: گواستنەوەی کەسایەتییەکان لە نێوان دوو جیهاندا: جیهانێکی فیزیکی بە کەشەکانی شوێنی و هەستی و جوگرافییەوە، جیهانێکی سەیروسەمەرەی خەیاڵی بە کەشە بێ سنووردارکراوەکانییەوە بە پێوانەی ئەندازەیی و عەقڵی لۆژیککراوی بۆ شوێن، واتا کەشێکی مەجازییە و سروشت تێ دەپەڕێنێت بۆ کەشێکی میتافیزیکی ، ناتوانرێت وێنابکرێت یا بکاتێنرێت بە یاسای بینراو و هەستپێکراو.

## ٣- ئەرکە فلیڤانییەکانی فانتازی:

لە ئەرکەکانی سەیروسەمەرە، وەک ئامرازێکی هونەری کاردەکات بۆ گواستنەوەی واقیعی بینراو بە رێگەیەکی ناعاقڵانە و شێوێندراو، وەک جەختکردنێک لەسەر واقیعە

ترسێنەر و نامۆکە. بەم شێوەیە، هەق نییە لەم واقیعە کارەساتییە ناشرین و نارەوشتییەدا بژێیت، تەنانەت خوورەوشتە ناشەرعییەکانی مرۆڤیش، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، سەیروسەمەرە ئەرکی تریشی هەیە، وەک ئەرکی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە یاخیبوون لە یاساکانی واقیع و نامۆیی شەرعەکانی و رەتکردنەوەی نا عەقڵانییەتی بابەتی مادی و نالۆجیکییەکەیدا دەبینێتەوە، ئەرکی دەروونیش کە لە گوزارشتی بابەتی و گوزارشت لە ئارەزووە سێکسییەکان و دەربڕینی بە شێوەیەکی دایرێکتی لە ژێر ماسکی سەرسوڕهێنەر یاخو بە ئارەزووکردندا بەدیار دەکەوێت، لەم رووەوەش ئەدەبی سەیروسەمەرە لێکۆڵینەوەی دەروونیی دەوڵەمەند کردووە بە زۆرێک لە وێناکردن دەربارەی "من" و پێوەستی بە بابەتەکەوە تا دەگاتە لێکۆڵینەوە لەسەر هەست و ناهەستەوە. فرۆید لێرەدا بەگاڵتەجارییەوە دەڵێت:"چاخی ناوەڕاست لەگەڵ زۆر لۆجیک و بەشێوەیەکی راست ، نزیکی سایکۆلۆجی بوو، هەموو ئەم بۆچوونە نەخۆشانە بۆ جنۆکەکان گەڕێندرایەوە، منیش بەشبەحاڵ خۆم پێم سەیر نییە کاتێک بزانم لێکۆڵینەوەی دەروونی کە بایەخ بە روونکردنەوەی ئەم هێزە نهێنییانە دەدات، هەر هەمان خۆی نەبووە، لەم رووەوە زۆر تۆقێنەرە بە بۆچوونی زۆرێک لە خەڵکی"(٢٣).

تۆدۆرۆف سێ ئەرکی سەرەکیی بۆ سەیروسەمەرە داناوە:

"ئەرکی دەستاودەستکردن: چونکە شتی سەرووی سروشتەوە هەستی تۆقاندن دەوروژێنێت، یان هیچ نەبێت خوێنەر بە دڵەڕاوکێوە دەهێڵێتەوە. هەروەها ئەرکی دەلالەتی، کاری سەرووی سروشتی دەرکەوتنێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئاماژەیەکی دامەزراندنی ئامێرییە. ئەرکی پێکهاتەیی، هەروەکو گوتمان دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە" (٢٤). هەروەها سەیروسەمەرە خزمەتی گێڕانەوە دەکات و یارییپێکردنیش دەروێنێت و دڵەڕاوکێش دەنێتەوە. بۆیە ئەو بێجگە لە ئەرکی ترس و سەرسوڕمان چەندین هەستی تر، کە رەنگە لە جۆرە ئەدەبییەکانی دیکەدا نەبێت – بەهۆی رەگەزە نامۆکانەوە – یارمەتی رێکخستنی گرێی چیرۆکەکە دەدات و پێشی دەخات، هەروەها هەڵدەستێ بە ئەرکی دووبارەکردنەوە و خەیاڵی، چونکە یارمەتی وێناکردنی جیهانێکی نامۆ دەدات، لە ژیانی راستەقینەدا بەدی ناکرێت، لە رێی سەیروسەمەرەکانیشەوە وێنەگرتن و وێنەگر لەیەک سروشت دەبن، نەک لە سروشتی جیاواز.هاوکات دەقە نامۆکان بۆ کاری هونەری بەرجەستە دەکرێن پێوەست بێت بە ناوەڕۆکی فیکری لەلایەک و، لە لایەکی دیکەشەوە جەخت لەسەر پێوەندی بەهێزی چیرۆکەکان بە واقیعیانەوە دەکاتەوە. کە دەیانکاتە دەقی

واقیـعـیـیـانـه، سـەرەڕای ئەوەی پەنـا بۆ ئامـرازی هونـەری وا دەبات، بە ناواقـیـعـیـیـانـە دەچێت"[٢٥].

بەڵام لەو هۆیانەی هانی فلیڤانان دەدات گوتاری سـەیروسەمـەرە لە دەقـەکانیـاندا بەکار بهـێنن، هـەروەک چۆن پیتـەر پەنزۆلد تێـبـینیـی کردووە: کـەسـی لـە رادەبەدەر لەلای زۆربەی نووسەران، دەبێتە رێگەیەک بۆ گوزارشت لەو شتانەی کە ناتوانێت بەشێوەیەکی واقیعییانە گوزارشتی لێ بکات، چونکە کەسی لە رادەبەدەر بۆی هـەیە سنووره داخراوەکان ببەزێنێت، یان قـەواره کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان و چاودێرە خـودییـەکـان بشکێنێت، بـەم شـێـوەیەش سـەیروسـەمـەرە دەبێـتـە ئامرازێک بۆ چوونـە ناو ملمـلانێـیـەک دژی چاودێرەکان بەهـەمـوو شـێـوەیەکـیـانەوە، بـەڵام ئەمـەش ئەوە نـاگـەیەنێت کـە نـووسین بگۆڕدرێت بۆ ئامــرازێکی خـاڵیکردنەوە، بـەڵکو کـارەکـە لەوەش تێ دەپەڕێت بەرەو دروسـتکردنی دەقـێکی فلیـڤـانی، خـاوەن ژیـانێکی تـایبـەتیی خـۆیەتی، خـاوەن تـایبـەتمـەندی و سـۆزێکە، تەنانـەت زۆرجـار وەزراندنیش ناتوانێت بیبڕێت"[٢٦].

## ٤ –میتۆدی نزیککردنەوەی دەقە فانتازییەکان و وەزراندنیان:

بۆ نزیـککردنەوەی دەقـە سـەیروسـەمـەرەکـان لەسـەر ئاسـتی مـیـتـۆدی، دەبێت بنەمـای رووداوەکـان و فـاکـتـەرەکـان و کـەشـی شـوێنکاتی و گـوتـار لە روانگە و شـێـواز و زەمـەنی گێڕانەوەدا ئامـادە بکەین، وەک گوتمان زەمەنێکی تـایبەت بەخۆی، کە زەمـەنی ئێسـتـایە لە تێکئـاڵانی بە زەمـەنی واقـیـع و زەمـەنی خـەیاڵ. چونکە کـاتێک سـەیری میلی سـاتەکـانی داهـاتوو دەکـات، دەبینـین نـامـۆ دەگـەڕێتـەوە بەرەو رابردوو، بـۆ پشـتـبـەسـتن بە ئەزمـوون و رووداوە واقیعییەکانی.

دەقی رۆمـانی سـەیروسـەمـەرە لێکۆڵینـەوە لەسـەر: "گشت بنەمـاکـەی دەکـات، کـە هـەمـوو رەگـەز و پێکهـاتەکانی کێش دەکـات. کـاتی ئێسـتـا لێرەدا ئەو چرکەسـاتە زەمـەنە نییە، کە دەکـەوێتـە نێـوان هـەردوو زەمـەنەکـەی دیکەوە، بەڵکو کـاتـی نووسـینەوەی دەقـەکـەیە، سـاتـی واقیعییەتێتی"[٢٧].

لەسـەر رۆشنایی ئەوەی بـاس کـرا، دەقی رۆمـانی سـەیروسـەمـەرە وەراندنی زۆر گـرانە. بۆیە ئەگـەر دەقی رۆمـانی کلاسیکی هێماکانی تەنیـا بۆ خوێندنەوەی یەکاوسـەری دروست بکات و، لە یـەکـەم چاوپیـاخـشـاندندا والای بکات و لەگـەڵ رێڕەوی رۆمـانەکـەدا پەرەی پێ بدات، ئەوا دەقی نوێـخـواز بە شـێوەیەکی گشـتی و، سـەیروسـەمـەرە بەتایبـەتی هێشـتـا بە

دوای خـوێنـەرە پرۆفیـشناڵـەکـەیدا دەگـەڕێت، چونکە ڕۆمـان باسـی کـەرەسـتـەی کـار و مـیکانیـزمـەکـەی خـۆی ناکـات، تەنیـا لە ڕێگەی وزراندنەوە نـەبێت، نەک وزراندنـی ژیانی گشـتی، بەڵکو ئەو ژیانـەی دەقـەکە دروسـتی دەکات، بەم شـێوەیە گرێ دروست دەبێت لە هـەردوو گۆشـەی نووسـین و خوێندنەوەدا".[٢٨]

لە نێو ئەو پرسانـەی ئەدەبی سەیروسەمەرە دەیورووژێنێت، یەکەم "زاڵبوونی خوێندنەوەی نموونـەیی کلاسیکی، بە شێوەیەک خوێنـەر لەسەر کۆمەڵێک کەرەستە گیربوو بۆ "وێناکردن و ڕەخنەگرتن" شـتـەکانیش تەنیا لە ڕێی ئەوانەوە کێشـانە دەکات، ئەوەی لەو ڕێگەیەوەش بەرهەم دێت، یان نووسـەرەکـە خـەتاکـەی هەڵدەگرێت یاخـۆ دەقـەکـە «تاوانبـارکـردنی بە لاوازی»"[٢٩] پرسـی دووهـەم تـازەیی دەقی سـەیروسـەمـەرەیە، کـە بـەدوای خـوێنـەرێکدا دەگـەڕێت جـۆری پەروەردەی کلاسـیکی نـاهێـڵێت بـە سـانایـی دروست بێت، زۆر جـار ئـەم خـوێنەرە تەنیـا لە خـەیاڵی نووسـەرەکەدا دەدۆزرێتـەوە، ئەگەر گریمان خـوێنەر بـەشـێکە لە کاریگەریی نووسـین، ئەوا ئێمە زۆر پێویستمان بە بیرکردنەوە لەم پێوەندییە هەیە کە بوونی پێوەسـتە بەو دەقـانەی بنیاتی ناوەوەی بە کۆمەڵێک کـەرەسـتـە و شێوازی سەیروسـەمەرەوە بەندە، کە لە یـەکـەم خـوێندنەوە بەدیار ناکەوێت، چونکە هـەندێک جـار خـوێندنەوە لە یەکـەم دێرەوە دوچاری بـەیەکدادان دەبێت، بابەتەکـەش تەنیـا لە ڕووی ڕسـتـە و خـوێندنەوە باس ناکرێت، بەڵکو تـێ دەپەڕێت بۆ هونەری نووسینەکە و، ئەو هێمایانەی دەبێت بە شـێوەیەکی زۆر ورد دەقەکەی بۆ دروست بکەیتەوە لە پێناو وەزراندنێکی نزیک بە خزمەتکردنی دەقەکە و خـوێندنەوەکـەی، بێگومـان ئەمـەش لە ڕوانگەی خـوێنەرەوە، چونکە هـەمـوو وەزراندنێک لە کرۆکەوە پێوەندییەکی زۆر گەرمی بە خاوەنەکەی و خۆشییەکانییەوە هەیە".[٣٠]

### ٦- ڕۆمانی فانتازیایی لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی:

ئاشـکرایە ئـەدەبی ڕۆژئاوایی پڕە لـە ڕۆمــانی ســەیروســەمــەرە ئـامـێــز، هەر لە دەقــە یۆنانییـەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ڕۆمانە نوێیـەکانی ڕۆژئاوایی، هەیە گوتاری سـەیروسەمەرە دەگـەڕێنێتـەوە بۆ سـاڵی ١٧٧٠ی زاینی، چونکە فـانتـازیا وەک کـاردانەوەیەک بۆ گـوتاری ڕۆشنفکریی عـەقـڵانی هـات، کە عەقڵ و لۆجیک و زانست و سروشت پیرۆز دەکات[٣١]. لە ڕابەرەکـانیـشی «کـازۆت، بـیکفـۆرد، والپـۆل»یە، دوای ئەوە ئەدەبی سـەیروسـەمـەرە لەگـەڵ ڕۆمـانـی ڕەش لە ئینگلتـەرا پێشکـەوت لەسـەر دەسـتـی «ئان راد کلیف، ئێم. گی. لویس» لە ئەڵمانیاش بەتایبەتی «هۆفمان».

له فەرەنساش زۆر لە نووسەرانی گوتاری سەیروسەمەرە دەبینین بەتایبەتی «نۆدییە، فیکتۆر هیگۆ، بەلزاک، گۆتییە، مێریمییە، فلۆبێر، مۆباسان، دۆدییە، گۆل فێرن، ئەدگار ئالان پۆ، گۆگۆلی رووسی» هەروەها نابێت ناوی «هاوسۆرن، ئۆسکار وایلد، برام ستۆکر، هنری جێمس، گۆستاف میرینک، لۆڤگرافت، کافکا، بۆرخێس و، کۆرتزار» لە یاد بکەین.

هاوکات رۆمانی فەرەنسیی نوێ بایەخی بە سەیروسەمەرە دا، وەک: "ئالان رۆب گرێ لە رۆمانەکەیدا "تۆبۆلۆجیای شاری مۆتەکەکە"، کلۆد ئۆلییە لە رۆمانەکەیدا "ئوور یاخۆ پاش بیست ساڵ" » هەروەها زۆرێک لە نووسەرانی فەرەنسی بایەخیان بە نامۆیی دا، لە میانی کاری گێڕانەوەدا و، ئەکتیڤکردنی لە رووداوا، وەک: "میشال بۆرتۆ لە رۆمانی "پلەکان" و گرییە لە رۆمانی "رەشکەرەوەکان" ، کلۆد سیمۆن لە "گیا" و "تەنە گوێزەرەکان" و رۆبییر بانجی لە "کورەکە"".

دەکرێ دوو شێوازی رۆمانی سەیروسەمەرە دیار بکرێت: رۆمانی سەیروسەمەرەی لاساییکراو، وەک لای بەلزاک و میریمی و هۆگۆ و فلۆبێر و مۆباسان لە سەدەی ١٩ی زاینی. ئەوی تریشیان رۆمانی سەیروسەمەرەی نوێ کە لە سەدەی بیستەم پەیدابوو بە تایبەتی لە رۆمانی "بەدگۆڕان"ی کافکا، و "لووت"ی گۆگۆل، لەم دوو رۆمانەدا دوودڵی و سەرسوڕمان نامێنێت کارەکانیش دەچنە سەرووی سروشت ئاساییەوە و هیچ نیشانەی نامۆیی لەلامان دروست ناکات.

## ٧- رۆمانی فانتازیایی لە ئەدەبی عەرەبی:

لە ئەدەبی عەرەبیشماندا، هەندێک هەوڵی فلیڤانیی هەیە لە سەرچاوەی خەیاڵی سەیروسەمەرە هەڵی گۆزیوە، وەک: کتێبی هەزار و یەک شەوە و، کەلیلە و دومنە و، حیکایەتە میللییەکان وەک حیکایەتی سوارچاکی یەمەن شازادە سەیف کوڕی زی یەزن و، چیرۆکی شازادە حەمزە پاڵەوان و، حیکایەتی شازادە زات ئەلهیممە و، حیکایەتی بەنی هیلالی گەورە و، حیکایەتی عەنتەری کوڕی شەداد و... هتد.

بەڵام ئەدەبی سەیروسەمەرە بە شێوەیەکی ئەکتیڤانە و کرداری لە رۆمانی عەرەبیدا سوودی لێ وەرنەگیرا، تەنیا لە رۆمانی نوێدا نەبێت، کە هەوڵی دا بۆ شکاندنی شێوازی گێڕانەوەی کۆن و رەسەنکردنی رۆمانی عەرەبی و بەستنەوەی بە کولتووری عەرەبی کۆنەوە و بەشدارپێکردنی بە ئاسۆیەکی جیهانی لە رێگەی شێواندنی واقیع و پیرۆزکردنی خەیاڵ و نامۆکردنی بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە و هێنانەوەی دەقی سەیروسەمەرەی وەرگیراو لە

ڕێگەی دەقاندنەوە.

گرینگترین هۆکار بۆ پەیدابوونی ئەدەبی سەیروسەمەرە لە بواری عەرەبی لە واقیعی بابەتیدا خۆی دەبینێتەوە:

**مێژوویی و سیاسی**

لە دەیەکانی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا چەند دەقێک پەیدابوون، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە نامۆیە بوون و، ویستیان گوزارشت لە دیاردەکانی بکەن بە شێوازی فلیڤانی جۆراوجۆر، بە پشتبەستن بە ڕووداوی هاوشێوە و گاڵتەجاڕی و گۆڕان و بەدگۆڕان.

ڕۆمانی سەیروسەمەرەی نووسراو بە زمانی عەرەبی دەچێتە چوارچێوەی ڕۆمانی نوێوە، کە لە سەرەتای شەستەکاندا بەدەرکەوت و دەیویست نوێگەری و ئەزموونگەری بنوێنێت بۆ بە ڕەسەنکردنی ڕۆمانی عەرەبی، لەو دەقانەی شێوازی سەیروسەمەرەی لەخۆ گرتووە، ڕۆمانەکانی "جەمال غیتانی، وەک: ڕووداوەکانی گەڕەکی زەعفەرانی، کتێبی بە دیارخستنەکان و نەخشەکانی غیتانی و بەرەکات و زوەیل...، سەنعولا ئیبراهیم لە: بەهەشت و بۆنەکە، یوسف قەعید لە: سکاڵاکانی میسرییە زمان پاراوەکە، ئێستا لە میسردا ڕوو دەدات، جەنگ لە دەرەوەی میسر، ڕۆژانی وشکەساڵی و، وڵاتی خۆشەویستەکە... هەروەها ڕۆمانی "ژیان و تەلارەکە"ی تاهیر وەتتار، "کۆترەکانی شەفەق"ی خولاسی جیلالی، "هەزار شەو و دوو شەو"ی هانی ڕاهب، ڕۆمانەکانی سەلیم بەرەکات وەک "فەقێکانی تاریکی، ڕوحە ئەندازەییەکان، ڕیش و سەربازگەکانی ئەبەدی، گەردووناسان لە سێشەمەی مردن، گەردووناسان لە چوارشەمەی مردن و، ڕۆمانی شاری با، هەروەها "دەروازەکانی شارەکە"ی ئەلیاس خوری.

لە ڕۆمانی مەغریبیشدا چەند نموونەیەک باس دەکەین، وەک: ڕۆمانی "چاوی فارسەکە" و "پێچکەکە" و "دوورگەکە" ی میلۆدی شەغموم، و "جوانی سەردەم"ی موبارەک ڕەبیع، "کۆچی دەریا، لێوارەکانی خەون" ی محەمەد عزەدین تازی، و "خەونەکانی چێڵێک"ی محەمەد هرادی، و "باشووری ڕوح"ی محەمەد ئەشعەری، و "ڕووپەڕەکان" ی عەبدوڵا عروی.

تێبینی دەکرێت هەندێک نووسەر پەنایان بۆ ڕەنگکردن بە سەیروسەمەرە بردووە لە هۆنینەوەی ڕۆمانەکانیاندا، بەهۆی ئارەزووکردنیان بە تاقیکردنەوە و گۆڕانکارین وەک لەلای "نەجیب مەحفووز، تاهیر وەتتار، میلۆدی شەغوم" هەیشە گوتاری سەیروسەمەرەی وەک گوتارێکی هونەری بۆ بینینی جیهان و وێنەکردنی بە گۆڕینەکان و بەدگۆڕاوەکان،

وەک لەلای "سەلیم بەرەکات، بن سالم حەمیش لە "جامبازەکانی تەراویلکە"، یەحیا بزغوت لە "رسکەکان" و "کۆتی تەراویلکە"".

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە سێ جۆر سەرچاوە هەیە گوتاری سەیروسەمەرەی عەرەبی پشتی پێی بەستووە، ئەوانەش:

١- سەرچاوەکانی فۆلکلۆری عەرەبی، لە هەردوو لایەنی مێژوویی و گێڕاوەی، وەک لەلای نەجیب مەحفووز لە "گەشتەکەی ئیبن فەتومە" و تاهیر وەتار لە "زەماوەندی هێسترێک".

٢- سەرچاوەی فۆلکلۆری میللی و کارکردن لەسەر زمانەوانی، وەک لە هەموو رۆمانەکانی سەلیم بەرەکاتدا.

٣- سەرچاوەکانی فۆلکلۆری جیهانی و واقیعی عەرەبی ، وەک لە لای سەنعولا ئیبراهیم لە "لیژنە" و محەمەد هەرادی لە "خەونەکانی مانگایەک".

"بنیاتی سەیروسەمەرە لە رۆمانی عەرەبیدا بەندە بە خود و مێژوو و ناگەهانەوە. زمانەوانیش پێگەیەکی بەرچاوی داگیر کردووە لە بنیاتی سەیر و پیادەکردنی لە رێی شێوازی گفتوگۆ، لە رێگەیەوە سەیروسەمەرەکە گەشە دەکات و شوێنەواری واقیعەکە دیار دەکات. چونکە ئەو بنیاتێکی زمانەوانییە و ژووانێکە لە نێوان ئاشنا و نائاشنادا، لە نێوان ئامرازەکانی سروشتی و هەندێکی تری سەرووی سروشت و غەیبییەوە، بۆ بەرهەڤکردنی بارێک بۆ پاڵنانی واقیعەکە بە هەموو روونییە درۆزنییەکەی و وەهمە داخراوەکانییەوە بۆ ناو کێشەکە".[٣٢] کەواتە، سەیروسەمەرە بوونی هونەری خۆی لە رۆمانی عەرەبیدا لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامی وەردەگرێت و لەلایەنی گێڕانەوەکەیەوە لە حەکایەت و هەواڵەکان و تەسەوفەوە وەردەگرێت... هەروەها لە حیکایەتی گەلان و شتە باوەڕپێکراوەکانی ناو گەلاندا، لە توندوتیژیی واقیع و زۆرەملێیەکانی، سەرباری کارتێکردنە رۆشنبیرییەکانەوە و، هەرسکردنی هەموو ئەم دەرهاوێژانە لە روانگەیەکی هونەریی نوێگەری و بنیاتێکی رەخنەئامێزیی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و هزرییەکان و عەرەبییەکان".[٣٣]

هەروەها روونیش دەبێتەوە، کە ئەو رۆمانانەی سەیروسەمەرە بەکار دەهێنن وەک کرۆکێکی سەرەکی و زاڵبوو بە شێوە و ناوڕۆک و ئەرکێکی کەمەوە، وەک لەلای "بن سالم حەمیش و سەلیم بەرەکات و محەمەد هەرادی و یەحیا بزغود"... بە پێچەوانەوە ئەو رۆمانانەی کە بەکاری دەهێنن وەک گوتارێکی دەقاودەقی و بەشی بە رادەیەک زۆرن، کە

وامـان لێ دەكات لەگەڵ لێتـوێژەری مـەغریبی دوكـتۆر شـوعەیب حـەلیـفیدا بڵێین: " دەكرێت سەیروسـەمەرە بە ئەدگارێكی جیاكەرەوە دابنێین لە رۆمـانی عەرەبیدا، بە شـێوەیەكی تەواو و بەرفـراوان وەبەرنەهـێنراوە، هـەروەهـا پـەرەی پێ نەدراوە تـاكـو ببـێـتـە هێـمـایـەكی سـەرچاوەیی، ئەویش بەهـۆی نەبوونی زۆری رۆمـان لـەم بوارەدا و، نەبوونـی گـفـتـوگـۆی رەخنەیی ، كـە سـەیروسـەمـەرە بخـاتـە نێـو پرسـیـارە ئاراسـتـەكراوەكانی سـەر ئەفراندنی عەرەبی".[٣٤] بۆیە، بەكارهێنانی گوتاری سەیروسەمـەرەی پشتبەستوو بە سـەیر و ڕاڕایی لە نێوان لۆجیک و خەیاڵدا، لە گرینگترین دیاردەكانی رۆمانی عەرەبی نوێخوازدایە.

محەمەد بەرادە پێیوایە، كە دەستەواژەی " سەیروسەمـەرە" لە ئەدەب و رەخنەی عەرەبیدا بووەتە شـتێكی بەكـارهـاتوو لە دوو دەیەی كـۆتای سـەدەی رابردووەوە و، بووەتـە تەوەرێكی بەرچاو لـە سـتـراتیـجـیـیـەتی نووسـینی چیـرۆک و رۆمـاندا، بەتایبـەتی دوای وەرگـێـڕانی كتێبەكەی تۆدۆرۆڤ "دەروازەیەک بەرەو ئەدەبی سەیروسەمەرە".[٣٥]

**دوماهی:**

كەواتە ئەمە، روانینێكی كورت و ورد بوو بۆ سـەر گوتاری فانتـازی ـ سـەیروسـەمـەرەیی، بە پێنـاسـە و واتا و كـار و و بنیـاتەوە. لەگـەڵ دەربڕینێكی كـورت دەربارەی بەكـارهێنان و سـوود لێـوەرگـرتنی لە گـوتـاری چیـرۆک و رۆمـانە كـۆن و نوێیـەكـاندا لـە ئەدەبی رۆئاوایی و عەرەبیدا بە هـەموو شێوەكانییەوە.

سەرچاوەكان:
(١) ـ الدكتور محمد الباردي: الرواية العربية والحداثة، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، سورية، ط١٩٩٣،١،ص:١٩٤؛
(٢) ـ تعتبر محاولة تزيتيڤان تودوروف نموذجا لهذه المقاربة:
T. TODOROV INTRODUCTION A LA LITTERATURE FANTASTIQUE. ED1970.
(٣) ـ كتاب جماعة أنتروڤيرن خير دليل على هذه المقاربة السيميائية، إذ تم تطبيق المقاربة على قصة دوديه (DAUDET.A): " الرجل ذو الدماغ الذهبي"، انظر إذا:
Groupe D'entrovernes:Analyse sémiotique des texte Ed Toubkal Casa1er ed1987
(٤) ـ نقلا عن تزيتيڤان تودوروف: مدخل إلى الأدب العجائبي، ترجمة الصديق بوعلام، دار الكلام، الرباط، الطبعة١، ١٩٩٣، ص:٥٠ .
(٥) ـ سعيد غصان: "ملاحظات حول مؤلف شعيب حليفي: شعرية الرواية الفانطاستيكية"، جريدة الاتحاد الاشتراكي، المغرب، ٢١ نونبر ١٩٩٧، ص: ٦.
(٦) ـ عن تزتيڤان تودوروف: مدخل إلى الأدب العجائبي، ص:٤٩ .

(٧) ـ نفس المصدر، ص: ١٩٩ .
(٨) ـ محمد برادة: "تقديم"، مدخل إلى الأدب العجائبي لتزتيفان تودوروف، ص:٥ .
(٩) ـ -محمد برادة : نفس التقديم، ص:٤-٥ .
(10) V. Propp:Morphologie du conte Coli. Points Ed Seuilm1965 -1970.
(١١) ـ تودوروف: مدخل إلى الأدب العجائبي، ص: ٦٦ .
(١٢) ـ "د. إدريس الناقوري": "الواقعية الرمزية في القصة المغربية"، دراسات في القصة العربية، وقائع ندوة مكناس، موسسة الأبحاث العربية، بيروت، لبنان، ط١ ، ١٩٨٦، ص: ٢٣٦ .
(١٣) ـ الدكتور أدريس الناقوري: نفسه، ص: ٢٣٧ .
(١٤) ـ نفس المرجع السابق، ص: ٢٣٧ .
(١٥) ـ نفسه، ص:٢٣٧ .
(١٦) ـ نفسه، ص:٢٣٨ .
(١٧) ـ نفسه، ص:٢٤١ .
(١٨) ـ نفسه، ص:٢٤٢ .
(١٩) ـ نفسه: ص:٢٤٦ .
(٢٠) ـ تودوروف: مدخل إلى الأدب العجائبي، ص:١٣٩ .
(٢١) ـ نفسه، ص:١٣٩ .
(٢٢) ـ إدريس الناقوري: نفسه، ص:٢٣٩ .
(٢٣) ـ تودوروف: نفسه، ص:١٩٨ .
(٢٤) ـ نفسه، ص:١٩٨ .
(٢٥) ـ إدريس الناقوري: نفسه، ص: ٢٣٩ .
(٢٦) ـ عن واسيني الأعرج: نفسهن ص:٥٥ .
(٢٧) ـ نفسه، ص:٢٤٠ .
(٢٨) ـ واسيني الأعرج: " أحلام بقرة: العجائبية- التأويل- التناص"، آفاق، مجلة اتحاد كتاب المغرب، العدد ١، السنة ١٩٩٠، ص:٥٣ .
(٢٩) ـ نفسهن ص:٥٣ .
(٣٠) ـ نفسه، ص:٥٣ .
(31) A regarde Dictionnaire encyclopédique, LAROUSSE BORDAS, 1998, p.607.
(٣٢) ـ د.شعيب حليفي: " بنيات العجائبي في الرواية العربية"، فصول، مصر، الجزء ١، المجلد١٦،، العدد ٣، السنة ١٩٩٧، ص:١١٧-١١٨ .
(٣٣) ـ نفس المقال السابق، ص:١١٨ .
(٣٤) ـ نفسه، ص:١١٨ .
(٣٥) ـ سعيد غصان: نفس المقال السابق، ص: ٦ .